سودانی پەداچوونەوە بۆ پڕۆژەی بنیاتنانی قوتابخانەکانی سندوقی عێراق بۆ گەشەپێدان دەکات

سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی سەرکایەتی کۆبوونەوەی دەستەی بەڕێوەبردنی سندوقی عێراق بۆ گەشەپێدان دەکات.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران لەڕاگەیندراوەکدا کەدەستی موتابع کوتووە بڵاویکردەوە،سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ پێنجشەممە، سەرکایەتی کۆبوونەوەی دەستەی بەڕێوەبردنی سندوقی عێراق بۆ گەشەپێدانی کرد، و تێیدا پەداچوونەوەیان بۆ پڕۆژەی بنیاتنانی قوتابخانەکان کرد، کە ساڵی ڕابردوو ئینجومەنی وەزیران ڕێزامەندی لەسەر دارایی کردنی لەلایەن سندوقەکەوە دا.

وتیشی لە کۆبوونەوەکەدا باس لە دروستکردنی زیاتر لە 1300 قوتابخانە و هادەستکردنی زەوی بۆ کەمپانیاکانی بنیاتنان کرا، هەروەها باس لە بانگهێشتکردنی کەمپانیا نوێیەکان کرا بۆ بەشداریکردن لەم پڕۆژە گرنگەدا، ئەمەش ڕێگە بۆ بوارێکی زیاتر دەدات بۆ کەرتی تایبەت بۆ بەشداریکردن، هەروەها تاوتوێی ئامادەکردنی پابەندە دارایەکان و پلانی دارایی و ئەو شێوازە دروستانە کرا، کە پێویستە کەمپانیا جێبەجێکارەکان پابەندبن پێیەوە بۆ کارکردن لەگەڵ سندوقی عێراق بۆ گەشەپێدان، و گفتوگۆ

لەسەر هێشتووسی گەرەنتی سەروەری کرا، کە لەلایەن وەزارەتی دارایییەوە پێشکێشی سندوقێکە و هەندێک کەمپانیا کراوە، کە کار لەسەر دروستکردنی قوتابخانە دەکەن.

سودانی فەرمانی پێکهێنانی لیژنەیەکی کرد پێکهاتبێت لە وەزارەتی دارایی و سندوقی عێراق بۆ گۆشەپێدان و ژمارەیەک ئاوەژکار، بۆ دانانی هێشتووسی کۆتایی هێککوتن لەسەر گەرەنتی سەروەری تایبەت بە پڕۆژەی بنیاتنانی قوتابخانەکان.